# ئەم حزبە ئەبوایە دا بمەزرایە

## بژار

22-10-2004

وەکو پێویستییەکی مێژوویی , حزبێکی تازە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کۆمەلأیەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی سۆشیالیزم لە عێراقدا لە دایك بوو . ئەم حزبە وەکو هەموو حزبێکی ڕەسەنی ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیزم خۆی بە ئامڕازی خەباتی دەستی چینی کرێکار دەزانێت و لەوێشەوە خۆی بە کۆمەلگا دەناسێنێت . حزبێکە بۆ وەلأم دانەوە بە گیر و گرفتەکانی خەباتی چینی کرێکار و چەق
پێ بەستنی ئەو چینە بە دەوری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆیدا هاتووەتە مەیدانەوە . ئەم حزبە تێدەکۆشێت بۆ لابردنی
کاری کرێ گرتە و خاوەندارێتی تایبەتی لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەلأیەتی چینی کرێکار و خەلکانی بەشمەینەتەوە , یانی لە یەکەم
ڕۆژیەوە و لە سەر هەموو ئاستێکەوە , دەستە و یەخەیە لە گەلّ حوکومەت و هەموو حزب و دەستە و تاقمێکی تری نوێنەری چینی
بۆرژوا لە عێراقدا . ئەگەر جەخت کردن لە سەر ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و یەکسانی تەواوی نێوان ژن و پیاو لە خاسیەتە بنچینییەکانی خەباتی بێت , ئەوا بینینی تەواوی کرێکارانی جیهان وەکو چینێك و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمیش وەکو شۆڕشگێڕترین بزوتنەوەی ئەو چینە لە سەر ئاستی جیهان ئەبێتە دوو خاسیەتی تری بنچینەیی ئەو حزبە . واتە خەباتی ناوچەیی و
ئینتەرناسیۆنالی لای ئەم حزبە دوو بەشی یەك خەباتن و لە یەکتری جیا نابنەوە . ئەم حزبە پراکتیك و تیوریش بە دوو دیوی یەك سکە دەبینێت و لە سەر ئاستی هەردووکیان و بە خۆ دانە دەستی خەباتی یەك پارچەیی چینی کرێکارەوە پێشرەوایەتی ئەو خەباتە دەکات بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم . ئەوەی شیاوی باسە , ئەم حزبە لە کاتێکدا هاتووەتە جەرگەی خەباتەوە کە هیچ حزبێکی تر لە
عێراق دا و لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمدا ئامادە نییە بۆ ساز دانی شۆڕشی کۆمەلأیەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەلگای سۆشیالیستیی . ئەم حزبە دامەزراندنی حوکومەتی کرێکاری و هەر ئێستای سۆشیالیزم لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەلأیەتییەوە بە ئامانجی
بێ ئەملا و ئەولای خۆی دەزانێت و کارکردنی شێلگیرانە بۆی لەو ڕاستایەدا لە ئەرکە دەست بەجێ کانیەتی . کەواتە با هەموومان پیرۆزبایی لە هاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بکەین و بە پەیوەست بوون بە ڕیزەکانیەوە بیسەلمێنین کە حزبی خۆمانە و لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا کە دامەزراندنی کۆمەلگای سۆشیالیزمە بەهێزی دەکەین . حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق
حزبی گەڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسانەکان . حزبی هەلّپێچانی چەوساندنەوە و هێنانەوە مەیدانی ئازادییەکانە . حزبێکە خەباتەکەی بە دەوری بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاردا چەق دەبەستێ و ئامانجەکانی ئەو چینەش , ئامانجەکانیەتی . هەموو ئەو کۆمۆنیستانەی
کە دەیانەوێ ئەم چینە ( ڕوخێنەری سەرمایەداری و دامەزرێنەری سۆشیالیزم ) بە ئامانجە کۆتاییەکانی خۆی بگەیەنن , با بێن ئەم
حزبە ( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ) بگرنە دەست و بەرە و ئەو مەنزلّە ببەنە پێشەوە کە ڕزگار بوونی یەکجارەکی
مرۆڤەکانی تیایە . لە کاتێکدا کە هیچ حزبێکی تر نەبێت ڕوو بە ئاسۆی ڕزگار بوونی چینی کرێکار لە عێراق دا هەنگاوی شۆڕشگێڕانە
بنێت بۆ بنە بڕکردنی چەوساندنەوە و چینی کرێکاریش نەتوانێت دەرگا بە سەر خەباتی چینایەتی خۆیدا بۆ یەك چرکەش دا بخات ,
ئەوا لە دایك بوونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق یانی دەست ڕاگەیشتنی چینی کرێکار بە حزبی سیاسی خۆی بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری و ڕاگەیاندنی کۆماری سۆشیالیستی .